Royal College of Anaesthetists

# سڕکەرەکان –
# مەترسی و کاریگەرییە لاوەکییەکان
# قوڕگ ئێشە

## دەربارەی ئەم نامیلکەیە

ئەم نامیلکەیە دەربارەی تووشبوون بە قوڕگ ئێشەیە لەدوای سڕکردنی گشتیدا. ئەمە کاریگەرییەکی لاوەکییە کە لەوانەیە تووشی ببیت کاتێک سڕکردنی گشتیت بۆ ئەنجام دەدرێت. هۆکارەکانی قوڕگ ئێشە و ئەو شتانەی دەتواندرێت لەبارەیەوە بکرێت ڕووندەکاتەوە.

سڕکەرە گشتییەکان ئەو دەرمانانەن کە دۆخێکی وەکو خەوێکی قووڵ دەبەخشن. بۆ هەندێک نەشتەرگەری و ڕێکارەکان زۆر گرنگن. لە ماوەی بێهۆشکردنی گشتیدا، تۆ بێئاگایت و هەست بە هیچ ناکەیت.

دەتوانیت وردەکاری زیاتر دەربارەی جۆرە جیاوازەکانی سڕکەرەکان بخوێنیتەوە لەسەر ماڵپەڕەکەمان، کە لێرەدا بە زمانە جیاوازەکان بەردەستە: www.rcoa.ac.uk/patientinfo/translations#languages.


## هەستت چۆن دەبێت؟

- ڕەنگە هەست بە هەندێک نارەحەتی یان ئازار بکەیت لە قوڕگتدا.
- بەگشتی قوڕگ ئێشە ماوەی ٢٤ بۆ ٤٨ کاتژمێر دەخایەنێت.
- ڕەنگە دەنگت بنووسێت.
- لەوانەیە هەست بە وشکییەکی زۆری قوڕگ بکەیت.

## ئەگەری چەندە کە ڕووبدات؟

ئەگەری ڕوودانی دەکەوێتە سەر ئەو کەلوپەلەی کە پزیشکە سڕکەرەکەت بەکاریدەهێنێت.

لە هەر ١٠٠ کەسێکدا



**٢٠ بۆ ٤٠ کەس تووشی هاتوون**

**٦٠ بۆ ٨٠ کەس تووشی نەبوون**

ئەم ژمارانە لە توێژینەوەکانەوە هاتوون. دەتوانن لە ماڵپەڕەکەمان بزانن ژمارەکانمان لەکوێوە وەرگرتووە:
www.rcoa.ac.uk/patientinfo/risks/evidence

## چی دەبێتە هۆی قورگ ئێشە لە دوای سڕکردندا؟

چەند دەرمان و گازێکی سڕکردن دەتوانن قورگت تووشی وشک بوون بکەن.

چەند کەلوپەلێک کە پزیشکی سڕکەر لەکاتی سڕکردنی گشتیدا بەکاریدەهێنێت دەکرێت قورگت تووشی هەڵاوسان بکەن.

لەکاتی سڕکردنی گشتیدا، ماسوولکەکانی جەستەت خاو دەبنەوە، لەوانەش ماسوولکەکانی قورگ و سنگ. ئەمە دەکرێت بڕی ئەو هەوایەی دەچێتە ناو سییەکانت کەم بکاتەوە.

بۆ دڵنیابوونەوە لە هاتووچۆی بەردەوامی ئۆکسجین بۆ سییەکانت، پزیشکی سڕکەر لەوانەیە سۆندەیەکی هەناسەدان بخاتە نێو قورگت بۆ ئەوەی بەردەوام کراوە بێت. بەگشتی ئەم کردارە دوای بێهۆشبوونت ئەنجام دەدەن.

ئەو سۆندە و ماسکانەی پزیشکە سڕکەرەکەت بەکاریدەهێنێت دەکرێت تووشی قورگ ئێشەت بکەن چونکە:

- دەکرێت قورگت ئازار بدەن لەکاتی دانان یان لابردنیان
- هەندێکیان هەوایان تێدەکرێت و لەکاتی گەورەبوونیان پەستان دەخەنە سەر قورگت. ئەمە دەکرێت ببێتە هۆی ناڕەحەتی.

دەتوانیت زانیاریی زیاتر دەربارەی ڕێڕەوی هەناسە و هەناسەدان لەکاتی سڕکردندا ببینیت لەسەر ماڵپەڕەکەمان کە بە زمانی جیاواز لێرە بەردەستە:
www.rcoa.ac.uk/patientinfo/translations#languages

## چی هاوکار دەبێت؟

دەتوانیت دەرمانی ئازارشکێن بەکاربهێنیت وەک ئایبیوپرۆفین یان پاراسیتیمۆڵ. دەتوانیت ڕاوێژی لەگەڵ پزیشکی گشتی یان دەرمانساز بکەیت بۆ هەڵبژاردنی باشترین ئازارشکێن بۆت. ڕەنگە نەخۆشخانەکەش بڕێک دەرمانی ئازارشکێنت پێبدات بەر لە گەڕانەوەت بۆ ماڵەوە.

## کەی بەدوای هاوکاریدا بگەڕێیت

- ئەگەر ئازارەکە خراپتر بوو و کێشەی قوتدانت بۆ دروست بوو هەفتەیەک لەدوای سڕکردنەکە، پێویستە پەرستار یان پزیشکە گشتییەکەت ببینیت یان داوای ئامۆژگاری لە دەرمانسازێک بکەیت.
- ئەگەر، لەهەرکاتێکدا بێت، کێشەی هەناسەدانت هەبوو یان لە کاتی کۆکیندا خوێنت هێنایەوە، پێویستە بەپەلە پەیوەندی بە پزیشکی گشتی یان پزیشکە سڕکەرەکەتەوە بکەیت بۆ ئامۆژگاری زیاتر.

## پاکانە

هەوڵی تەواومان دەدەین کە هەموو زانیاریەکانی ئەم نامیلکەیە ڕاست و درووست و نوێ بن، بەڵام ناتوانین مسۆگەری ئەوە بکەین. ئێمە چاوەڕێی ئەوە ناکەین کە ئەو زانیاریە گشتیانە سەرجەم پرسیارەکانتان وەڵام بداتەوە کە هەتانە یان چارەسەری هەموو شتێکتان بکات کە گرینگن بۆ ئێوە. پێویستە لەسەرت کە گفتوگۆی هەڵبژاردە و نیگەرانیەکانت بکەیت لەگەڵ تیمە پزیشکیەکەت، بە بەکارهێنانی ئەم نامیلکەیە وەک ڕێبەرێک. تەنها نامیلکەکە بەتەنها نابێت بەکاربهێنرێت بۆ ڕێنمای کردنت. نابێت بە کاربهێنرێت بۆ هەر مەبەستێکی بازاڕداری یان بازرگانی. بۆ بینینی تەواوی ڕوونکردنەوەکە، تکایە سەردانی ئەم بەستەرە بکە :

**https://www.rcoa.ac.uk/patients/patient-information-resources/translations/patient-information-translations-sorani**

هەمو وەرگێڕانەکان لە لایەن 'وەرگێڕانی بێسنوور'ەوە بەردەست خراون. کوالێتی ئەم وەرگێڕانە پشکنینی بۆ دەکرێت بۆ ئەوەی وەرگێڕانەکە زۆر بە وردی بکرێت، بەڵام هەندێک مەترسی نادروستی و هەڵە وەرگێڕانی هەندێک لە زانیارییەکان هەیە.

## پێمان بڵێ ڕات چییە

پێشوازی لەهەر پێشنیازێک دەکەین بۆ باشترکردنی ئەم نامیلکەیە.

ئەگەر هەر تێبینییەکت هەیە حەزدەکەیت بیگەیەنیت، تکایە ئیمەیڵ بکە بۆ: patientinformation@rcoa.ac.uk

**Royal College of Anaesthetists**
Churchill House, 35 Red Lion Square, London WC1R 4SG

# www.rcoa.ac.uk

چاپی دووەم، تشرینی دووەم ٢٠٢٤
ئەم نامیلکەیە پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت لە دوای سێ ساڵ لە بەرواری چاپکردنی.

**Royal College of Anaesthetists 2024 ©**
دەکرێت ئەم نامیلکەیە لەبەربگیرێتەوە بۆ مەبەستی بەرهەمهێنانی بابەتی زانیاریی نەخۆش. تکایە ئاماژە بەم سەرچاوە ڕەسەنە بدە. ئەگەر دەتەوێت بەشێک لەم نامیلکەیە لە بڵاوکراوەیەکی تردا بەکاربێنیت، پێویستە پێزانینی گونجاو ئاماژەی پێ بکرێت، و لۆگۆ و براند و وێنە و وێنۆچکەکان لاببردرێن. بۆ زانیاریی زیاتر، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکەن.